# تەکنیکەکانی دووپاتکردنەوە لەڕۆمانی (تۆڵە)ی (محەمەد موکری)دا

پ. د. نەجم ئەڵوەنی
(زانکۆی سەڵاحەددین- کۆلێژی ئاداب)

(١- ٢)

## پێشەکی

دووپاتکردنەوە، یەکیکە لە تەکنیکە گرنگەکانی بواری گێڕانەوە، بەتایبەتی لە ڕۆماندا و پێوەندییەکی پتەوی لەگەڵ بنیاتی کات، یان زەمەندا هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا لەلایەن تیۆرناسان و توێژەرانی ڕۆمانەوە پەراوێز خرابوو، تا ئەو کاتەی کە توێژەری فەرەنسی (ژیرار ژنێت) هات و توێژینەوەیەکی گرنگی سەبارەت بەم تەکنیکە لە ڕۆمانی (گەڕان بەدوای ساتە بزربووەکان)دا نووسی کە بە یەکێک لە ڕۆمانە گرنگ و بەناوبانگەکانی ڕۆماننووسی فەرەنسی سەدەی بیستەم (مارسیل پرۆست) دادەنرێ.

دوای ئەوە توێژەر و ڕەخنەگرە ئەوروپاییەکان دەستیان بە بایەخدان بەم تەکنیکە کرد و چەندان توێژینەوەی پڕ بایەخ و بەسوودیان لەسەر نووسی. نووسەران و ڕەخنەگرانی عەرەبیش لەژێر کاریگەری (ژنێت)، دەستیان دایە نووسین لەسەر ئەم بابەتە و کۆمەڵێک توێژینەوەی شیکاری و پراکتیکییان دەربارەی ئەم تەکنیکە لە ڕۆمانی عەرەبیدا نووسی وەک (یمنی العيد) و (د.شجاع مسلم العاني) و (سعيد يقطين) و کەسانی دیکە.

لەناو نووسەران و ڕەخنەگرانی کوردیشدا، بایەخدان بەم تەکنیکە دواکەوتووە، پاشان هەندێکیان، بەتایبەتی ئەوانەی لەبواری ڕەخنەی چیرۆک و ڕۆماندا کاردەکەن و بە پەنجەی دەست دەژمێررێن ئاوڕیان لێ داوەتەوە، لەبەر ئەوە کەمیی سەرچاوە بە زمانی کوردی، سەبارەت بەم بابەتە، یەکێک لە گەورەترین کۆسپەکانی ڕێی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بووە.

لەبەر ئەو هۆیانە و هەندێک هۆی دیکە کە پێوەندی بە ئەرک و خاسیەت و سوودی دووپاتکردنەوەوە هەیە، ئەم توێژینەوەیەمان بۆ باسی ئەو تەکنیکە تەرخان کردووە و ئومێدمان ئەوەیە توێژەرانی دیکەی بواری ڕۆمانی کوردی، بەتایبەتی ئەکادیمییەکان زیاتر بایەخ بەم تەکنیکە بدەن و لە کارەکانی خۆیاندا باشتر لێی بکۆڵنەوە.

ئەم توێژینەوەیە، لە پێشەکییەک و سێ تەوەر و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە و

بۆ ئەنجامدانی سوودمان لە میتۆدی (ڕەخنەی شیکاری پراکتیکی) وەرگرتووە. سەرەتا لە ڕووی تیۆرییەوە باسی مانا و پێناسەکان و جۆرەکانی دووپاتکردنەوەمان کردووە و لەبەر ڕۆشنایی تیۆرەکانی گێڕانەوە و گرنگترین بۆچوونی ڕەخنەگرانی ئەم بوارە، ڕۆڵی ئەم تەکنیکەمان شیکردووەتەوە، پاشان بەگوێرەی جۆرەکان چەندان نموونەمان لە ڕۆمانەکە وەرگرتووە و پراکتیکمان کردووە.

**پرسیاری توێژینەوەکەوە ئەوەیە:** بۆ ڕۆماننووس پەنای بۆ بەکارهێنانی تەکنیکی دووپاتکردنەوە بردووە؟ تا چەند ئەم تەکنیکە پێوەندی بەکاتی گێڕانەوە و جووڵەی گێڕانەوەوە هەیە؟ لە کۆی باسەکەدا بۆمان دەرکەوتووە کە ئەم تەکنیکە کاریگەری لە سەر ڕەوتی گێڕانەوە و زەمەنی گێڕانەوەی دەقەکە هەبووە و بووەتە هۆی ئەوەی زەمەنی گێڕانەوە درێژتربێت لە زەمەنی مێژوویی بەسەرهاتی سەرەکی ڕۆمانەکە، هەروەها زەمەنی خوێندنەوەی دەقەکەی درێژترکردووەتەوە.

**تەوەری یەکەم: مانا و پیناسەی زاراوەی دووپاتکردنەوە**

دووپاتکردنەوە بابەتێکی گرنگی زانستی گێڕانەوەیەو دیمەنێکە لە دیمەنە سەرەکییەکانی کاتی گێڕانەوە، هەروەها شێوەیەکە لە شێوەکانی دیاریکردنی سیستمی کات لە دەقی گێڕاوە، بەتایبەتی لە ڕۆماندا.

ئەم بابەتە، تەنانەت لە تیۆری گێڕانەوە بە گشتی و لە ڕەخنەی ڕۆماندا بە تایبەتی، بایەخێکی ئەوتۆی پێ نەدرابوو، پێش ئەوەی ڕەخنەگری فەرەنسی ژیرار ژنێت ئاوڕی لێ بداتەوە و لەسەر ڕۆمانی (گەڕان بەدوای ساتە بزربووەکان)ی (مارسیل پرۆست)دا



**محەمەد موکری**

پراکتیزەی بکات. لەم بارەیەوە ئەو ڕەخنەگرە دەڵێت: ((ڕەخنەگران و تیۆرناسانی ڕۆمان توێژینەوەیان لەسەر ئەوە نەکردووە کە من پێی دەڵێم دووپاتکردنەوەی گێڕانەوە، واتە پێوەندی دووپاتکردنەوەی نێوان حیکایەت و چیرۆک... ئەگەرچی ئەم بابەتە خۆی لەخۆیدا دیاردەیەکی سەرەکی کاتی گێڕانەوەیە.)) (جنیت، جیرار: ١٩٩٧، ص١٢٩)

یەکەم کەس کە بەشێوەیەکی زانستی و بەنموونەوە لە بواری ڕەخنەی پراکتیکی ڕۆماندا مانا و پێناسەی بۆ زاراوەی (دووپاتکردنەوە) دیاری کردووە هەر (ژیرار ژنێت)ـە کە لە کتێبی (گوتاری گێڕانەوەدا)، لەسەر بناغەی ژمارەی دووبارەبوونەوەی ڕووداو، لە ئاستی حیکایەت و لە ئاستی گێڕانەوەدا ئەم کارەی کردووەو دەڵێت: ((ئەوەی کە ناوی لێ دەنێین دووپاتکردنەوەی گێڕانەوە (Frequence) بریتییە لە پێوەندی

بـەدوای یەکـدا هاتـن، یـان دووبارەبوونـەوەی نێـوان گێڕانـەوە و ڕووداو، دووپاتکردنـەوەش لـە توخمـە سـەرەکییەکانی گێڕانەوەیـە، ڕووداویـش نـەک شـیاوە تەنیـا ڕووبـدات، بەڵکـوو تواناییشـی هەیـە کـە سـەرلەنوێ ڕووبداتـەوە، یـان دووبـارە ببێتەوە.)) (نجـار، ولیـد: ١٩٨٥، ص١٠٩)

لەمـەوە بۆمـان دەردەکەوێـت کـە دووپاتکردنـەوە دەبێـت لـە ئاسـتی حیکایەت و لە ئاسـتی گێڕانەوەدا ڕووبـدات و بـۆ ئەمـەش پشـت بـەو ڕووداوانـە دەبەسـتێت کـە هـەر جـارەو بـە شـێوەیەک دووبارەدەبنـەوە.

لەبـەر ڕۆشـنایی لێکدانـەوەی واتـا و ئـەو پێناسـەکردنەی (ژنێـت)دا، چەنـدان نووسـەر و ڕەخنەگـری دیکـە لەلایـەن خۆیانـەوە دووپاتکردنەوەیـان لـە ڕووی واتـاوە لێکداوەتـەوە و پێناسـەیان بـۆ کـردووە، بـێ ئـەوەی لەچوارچێـوەی قسـەکانی ئـەو بچنـە دەرەوە. بـۆ نموونـە لـە کتێبـی (دەروازەیـەک بـۆ تیـۆری چیـرۆک) کـە لـە نووسـینی (سـمیر المزروقـي و جمیـل شـاکر)ە بـەم شـێوەیە لـە دووپاتکردنـەوە دواون: ((دووپاتکردنـەوە لـە چیرۆکـدا، بریتییـە لەکـۆی پێوەندییەکانـی دووبـارە بوونـەوەی نێـوان دەق و حیکایەت.)) (المرزوقـي، سـمیر وجمیـل شـاکر: ١٩٨٦، ص٨٢)، هەروەهـا (یمنـی العیـد) جەخـت لەسـەر دووبارەبوونـەوەی ڕووداو، یـان کـردار لـە ئاسـتی بەسـەرهات و گێڕانـەوە دەکات و دەڵێـت: ((دووپاتکردنـەوە دیـاری دەکـرێ بـە لەبەرچاوگرتنـی پێوەنـدی نێـوان ئـەوەی ڕوودانـی، یـان قەومانـی دووبـارە دەبێتـەوە، لـە ڕووداو و کـردار لـە ئاسـتی بەسـەرهات لەلایـەک و ئاسـتی گێڕانـەوە لەلایەکـی دییەوە.)) (العیـد، یمنـی: ١٩٩٠، ص٨٥) بێجگـە لـەو نووسـەرانەی ئاماژەمـان پـێ کـردن، گەلێـک نووسـەر و ڕەخنەگـری دیکـەی بـواری ڕۆمـان و تیـۆرە نوێیەکانـی گێڕانـەوە وەک (سـعید یقطیـن) و (واڵاس مارتـن) بـۆ پێناسـە و لێکدانـەوەی مانـای دووپاتکردنـەوە تەنیـا ئاماژەیـان بـە قسـەکردنی (ژیـرا ژنێـت) کـردووە، بـێ ئـەوەی بۆچوونێکـی نـوێ لـەم بارەیـەوە بخەنـە ڕوو. (بڕوانـە: یقطیـن، سعید: ١٩٩٧، ص٧٨ و مارتن، والاس: ١٩٩٨، ص١٦٦)

دووپاتکردنـەوە کـە گەمەیەکـی زمانـی و (زەمەنی)یـە، ڕۆڵێکـی بەرچـاوی لـە دیاریکردنـی گێڕانـەوە هەیـە و دیاردەیەکـی هونەریشـە، زیاتـر لـە ڕۆمانـی نوێـدا بەرچـاو دەکـەوێ، کـە بەهـۆی ئەمـەوە شـێوازی گێڕانـەوە دەگـۆڕێ و کاردەکاتـە سـەر بنیـادی کات لـە ڕۆمانـدا، مەبەسـت لـە بەکارهێنانـی جەختکردنەوەیـە لەسـەر هەندێـک ڕووداو و کـردار بـۆ ئـەوەی ببێتـە مایـەی بایەخدانـی خوێنـەر، هەروەهـا دەکـرێ بـۆ ئـەوە بەکاربهێنـرێ کـە لـە بایەخـی نـاوەرۆک کـەم بکاتـەوە و ئـەوە بسـەلمێنێت کـە ڕۆمـان گەمەیەکـی زمانییـە پێـش ئـەوەی بریتـی بێـت لـە پێشکەشـکردنی گوتارێکـی ئایدیۆلۆجـی، یـان دووپاتکردنـەوەی ڕووداو بـۆ دەرخسـتنی ڕووی لێکچوونـی نێـوان ڕووداوە دووبارەکـراوەکان و هیـچ شـتێکیش ڕێ لـەوە ناگـرێ کـە ڕووداوێـک دووبـارە ببێتـەوە وەک (ژیـرار ژنێـت) دەڵـێ: ((هیـچ شـتێ ڕێـم لـێ ناگـرێ کـە بڵێـم، یـان بنووسـم: دوێ شـەو پەتـرۆس هـات، دوێ شـەو پەتـرۆس هـات، دوێ شـەو پەتـرۆس هـات.

لێرەشـدا وێکچـوون و دووبارەبوونـەوە بەرهەمـی پەتیبوونـەوەن، هیـچ کام لـەم ڕووداوانـە لـە ڕووی ماددی (بـە دەنـگ، یـان بـە نووسـین)، تەنانـەت ئایدیالییـەوە (لـە ڕووی زمانـەوە) بەتـەواوی لەیـەک ناچـن تەنیـا لەبـەر ئـەوەی بـەدوای یەکـدا هاتـوون، بەڵکـوو دەیانکاتـە سـێ گوتنـی

جۆراوجـۆرەوە، بـۆ گوتنـی یەکـەم و دووەم و سـێیەم.(جنیت، جیـرار: ١٩٩٧، ص١٢٩)

دووپاتکردنــەوە، لــەو ڕۆمانانــەی کــە زەمەنــی مێژووییـیـان کورتـە، دەبێتـە هـۆی درێژبوونـەوەی زەمەنـی گێڕانـەوە و زەمەنـی خوێندنەوەیـان، لەبـەر ئـەوە زۆر پێویستە، ڕۆماننووس شارەزایانە و هونەرییانـە لەنـاو ڕۆمانـدا بەکاریـان بهێنـێ و نەبێتـە مایـەی بێـزاری خوێنـەران، هەروەهـا لەلایەکی دیکەوە ((دووپاتکردنـەوە لـە وەستان دەچێت... کە ڕێ لـە جووڵـەی گێڕانـەوە دەگرێت و لـە خێرایـی (ڕیتـم) کـەم دەکاتەوە.)) (خلیـل، ابراهیـم: ٢٠١٠، ص١١٣)

مەبەسـت لـە ڕێگرتـن لـە بزووتنـەوەی گێڕانـەوە ئەوەیـە کـە دووپاتکردنـەوەی ڕووداوەکان ناهێڵـێ دەق لـە ڕووی گێڕانـەوەوە بـەرەو پێـش بـڕوات و لـە کاتێکی کەمـدا ململانێیـەکان بگەنـە لووتکـەی قەیـران، چونکـە هـەر دووبارەکردنەوەیـەک بریتییـە لـە گەڕانـەوە بـۆ خاڵێکـی پێشـتر کـە جـاران باسـکراوە.

بەگشـتی دەکرێـت بگوترێـت دووپاتکردنـەوە: ((زاراوەیەکـی گێڕانەوەیـە، مانـای پێوەنـدی ژمارەیی نێوان ڕووداوەکان لـە پلۆت و ژمارەیـان لـە چیرۆکـدا دەگەیەنێت.)) (بوقـرة، نعمـان: ٢٠٠٩، ص١٠٠)

بەواتایەکـی دیکـە و بەگوێـرەی چەمکەکانـی (ژنێـت) بـۆ ئـەم زاراوەیـە دەکرێـت ڕووداو نـەک تەنیـا ڕوویـدات، بەڵکـوو ئاسـاییە خـودی یـەک ڕووداو چەنـدان جاری دیکە بەرهـەم بهێنرێتـەوە، بـەڵام لەگـەڵ هەندێـک جیاوازیـدا کـە نەبێتـە هـۆی گۆڕانـی مانـای بنەڕەتـی ڕووداوەکـە.

زاراوەی دووپاتکردنـەوە، لـە ڕەخنـەی چیـرۆک و ڕۆمانـی کوردیـدا، زاراوەیەکـی نامـۆ نییـە، بـەڵام توێژینـەوە لەسـەر ئـەم بابەتـە کەمـە و دەکـرێ بـە پەنجەکانـی دەسـت بیانژمێریـن بـۆ نموونـە (پەرێـز سـابیر) لەنامـەی ماسـتەرەکەی کـە بـە نـاوی (بینـای هونـەری چیرۆکـی کـوردی لەسـەرەتاوە تـا کۆتایـی دووەمیـن جەنگـی جیهانی)یە و لەسالّی (١٩٩٢- ١٩٩٣) پێشکەشی بەشـی زمانـی کـوردی کۆلیجـی ئادابـی زانکـۆی سـەلاحەددین کـراوە، پاشـان بـە شـێوەی کتێـب بڵاوکراوەتـەوە، تەوەرێکـی دوو لاپەڕیـی بەنـاوی (دووبارەبوونـەوە) بـۆ ئـەم بابەتـە تەرخـان کردووە و لەوێدا باسـی ئـەم تەکنیکـەی لـە سـێ چیرۆکـی کوردیـدا کـردووە کـە ئەمانـەن:

١- مام پیاو لە نووسینی (حوزنی موکریانی).

٢- کوێرەوەری لە نووسینی (ئیبراهیم ئەحمەد).

٣- دوازدە سـوارەی مەریـوان لـە نووسـینی (پیرەمێرد)(سـابیر، پەرێـز: ٢٠٠١، ل٣١٤ - ٣١٧)، هەروەهـا (نەجـم خالیـد نەجمەددیـن ئەڵوەنـی) لـە تێـزی دوکتۆراکـەی کـە بەنـاوی (بینـای کات لـە سـێ نموونـەی ڕۆمانـی کـوردی)دایـە و لـە سـاڵی (٢٠٠٣) پێشکەشـی بەشـی زمانـی کـوردی کۆلیجـی ئادابـی زانکـۆی سـەلاحەددین کـراوە، پاشـان بەشـێوەی کتێـب بڵاوکراوەتـەوە، ئەمیـش تەوەرێکـی فراوانـی بـۆ باسـکردنی (پێشـخراوی دووبارەکـراوە) لـە ڕۆمانـی (ژانـی گـەل)ی (ئیبراهیـم ئەحمـەد) و ڕۆمانـی (شـار)ی (حسـێن عـارف) و ڕۆمانـی (ڕاز)ی (خەسـرەو جـاف) تەرخـان کـردووە، (ئەڵوەنـی، نەجـم خالیـد نەجمەددیـن: ٢٠٠٤، ل٢٤٢- ٢٥٤)، پاشـان (زاهیـر ڕۆژبەیانـی) باسـی ئـەم بابەتـەی لـە چیرۆکەکانـی (عەبدوڵـڵا سـەڕاج)دا کـردووە (ڕۆژبەیانـی، زاهیـر: ١٩٩٧، ل٨٢- ٩٦) و (جـەلال ئەنـوەر سـەعید)یش لـە نامـەی ماسـتەرەکەی کـە تایبەتـە بـە تەکنیکـی گێڕانـەوە لـە ڕۆمانـی (ئێـوارەی پەروانـە)ی

(بەختیارعەلی)دا، تەوەرێکی بچووکی بۆ ئەم بابەتە کردووەتەوە، (سەعید، جەلال ئەنوەر: ٢٠٠٦، ل١٠٢، ١٠٣، ١٠٤) دواتر.

لەباسەکەی (پەرێز سابیر)دا، بە کورتی و خێرا پاش پێناسەیەکی (دووبارەبوونەوە) و ئاماژەکردن بە جۆرەکانی، هەندێک لە خاسیەتەکانی ئەم تەکنیکە دواوە، پاشان چەند برگەیەکی دووبارەبوونەوەی لە چیرۆکەکان کردووەتە نموونەی قسەکانی، ئەگەرچی (نەجم ئەڵوەنی) زیاتر لەم بابەتە دواوە، بەڵام ئەویش تەنیا باسی دووپاتکردنەوەی لە تەکنیکی پێش خراودا کردووە، بێ ئەوەی ئاوڕ لە جۆرەکانی تری ئەم تەکنیکە لە ڕۆمانەکاندا بداتەوە، هەرچی (زاهیر ڕۆژبەیانی) یە، ئەوە وتارێکی درێژی بۆ باسکردنی ئەم تەکنیکە لە چیرۆکەکانی (عەبدوڵڵا سەڕاج)دا تەرخان کردووە، بێ ئەوەی میتۆدی توێژینەوەی زانستی پەیڕەو بکات و ئاماژە بە سەرچاوەی زانیارییەکانی بکات. (جەلال ئەنوەر سەعید)یش وەک (پەرێز سابیر) زۆر بە کورتی و بە خێرایی ئاماژەی بە جۆرەکانی دوبارەکردنەوە کردووە، پاشان چەند ڕووداوێکی وەک نموونە لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە) وەرگرتووە و جۆرەکانی شی کردووەتەوە.

### تەوەرەی دووەم: جۆرەکانی دووپاتکردنەوە

دووپاتکردنەوە وەک دیاردەیەکی گرنگی گێڕانەوە، کە پێوەندی دووبارەبوونەوەی ڕووداو لەنێوان حیکایەت و گێڕانەوەدا ڕێک دەخات و پشت بە ژمارەی ئەو ڕووداوانە دەبەستێت کە دووبارە دەبنەوە، بۆیە ناکرێت دووپاتکردنەوە لە ڕووداو جیابکرێتەوە، چونکە ڕووداوی ڕۆمان ئەو پێوەرەیە کە دەتوانین لە ڕێی ئەوەوە ماهییەتی دووپاتکردنەوە و جۆرەکانی دەستنیشان بکەین. (مبروک، مراد عبدالرحمن: ١٩٩٨، ص١٢٣)، لەسەر بناغەی ئەمەش دەتوانین بڵێین دووپاتکردنەوە چەند بنەمایەکی هەیە و بەبێ ئەو بنەمایانەش بەهای هونەری خۆی لەدەست دەدات. گرنگترین بنەماکانی دووپاتکردنەوەش ئەمانەن: ((گۆڕینی گۆشەنیگا، یان ناوەندی ئەو گێڕانەوەیە کە گێڕەرەوە لەوێوە دەست پێ دەکات، هەروەها ئاشکراکردنی چەند یەکەیەکی نوێی گێڕانەوە کە لە گێڕانەوەی پێشوودا نەبووە، و گوزارشتکردن لە ڕووداو بەپەنا بردنە بەر گۆشەنیگا جیاوازەکان)) (عبید، محمد صابر و سوسن البیاتي: ٢٠٠٧، ص١٥١)، کەواتە بەبێ گۆڕینی گۆشەنیگا و دۆزینەوەی چەند یەکەیەکی نوێ لە گێڕانەوەدا، ناتوانین بڵێین دووپاتکردنەوە مەبەستەکانی خۆی بەدی هێناوە.

یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی دووپاتکردنەوە، جەختکردنەوە و بەڵگە هێنانەوەیە بۆ سەلماندنی گۆشەنیگایەک، یان بیر و بۆچوونێکی دیاریکراو کە ڕۆماننووس دەخوازێت بیخاتە بەرچاو و داکۆکی لێ بکات، ئەمەش ((بەگوێرەی یاسای دووبارەبوونەوەی گوتار، بەردەوامیی لە قسەکاندا دەخوازێ، بە جۆرێک کە باسی یەک شت بەردەوام بێ بەپاراستنی وەسفی یەکەم، یان گۆڕینی ئەو وەسفە. دووبارەبوونەوە بۆ تەئکیدکردنەوەی بەڵگە و ڕوونکردنەوە بەکاردێت)). (بوقرة، نعمان: ٢٠٠٩، ص١٠٠)

دەکرێت دووپاتکردنەوە بە شێوازی دیکەش بێتەدی، واتا ناتوانین سنوورێک بۆ شێوازەکانی بەکارهێنانی دووپاتکردنەوە دابنێین و ڕێ لەوە بگرین کە کەسانی دیکە جۆری دیکەی ئەم تەکنیکە بەکاربهێنن. هەندێک لەو شێوازانە خۆی لە دووپاتکردنەوەی ناوی کارەکتەر و

ناوی شوێن و باسکردنەوەی چەند جارەی یەک ڕەفتار، تەنانەت یەک خوو و نەریت دەنوێنێت، هەروەها دەشکرێت ئەم تەکنیکە لە ڕێی گۆڕینی وێنەی یەک کارەکتەرەوە بێتەدی وەک چۆن خانمە (دی سکۆدری) ڕۆماننووس چەند وێنەیەکی هەمان کارەکتەری لە ڕێی هەندێک کارەکتەری لاوەکییەوە کێشاوە (بورنوف، رولان و ریال اوئیلیة: ١٩٩١، ص٨١)، بۆ ئەوەی لە چەند ڕوانگەیەکی جیاوازەوە ئەو کارەکتەرە بە خوێنەر بناسێنێت و ئەوەش دەربخات کە دەکرێت بۆچوونی جۆراوجۆر لەسەر یەک کارەکتەر و لەیەک بەرهەمدا پێشکەش بکرێت.

چەمکی دووپاتکردنەوە، ناکۆکی لەسەرە. هەیە لەخانەی شێوازی دادەنێت و پێی وایە ((دووپاتکردنەوە یەکێکە لە تەکنیکە ناسراو و باوەکانی شێوان)) (عبید، محمد صابر و سوسن البیاتي: ٢٠٠٧، ص١٥١) و هەیە بەگوتەیەکی زەمەنی دادەنێت وەک ژێرار ژنێت ((بەپێی ئەوەی کە بریتییە لە پێوەندی دووپاتکردنەوە لە نێوان حیکایەت و چیرۆکدا و مۆرکێکی زەمەنی و ژمارەیی هەیە)) (عزام، محمد: ٢٠٠٥، ص١٠٥)، هەیشە بڕوای بەوەیە کە دەکرێ لەهەمان کاتدا هەردووکیان بێت (سەرچاوەی پێشوو: هەمان لاپەڕە). بە بڕوای ئێمەش دەکرێت هەردووکیان بێت، چونکە لەیەک کاتدا پێوەندی بەڕەوتی زەمەن و بنیادی زەمەنەوە هەیە، هەروەها پێوەندی بەبنیادی ڕووداوە دووبارەکراوەکانەوە هەیە، کە ئێمە دەمانەوێت بزانین ئەو دووپاتکردنەوەیە چەند کاریگەری لەسەر دامەزراندنی بنیادی گشتی ڕۆمانەکەوە هەیە.

دووپاترکردنەوە لە ڕووی جۆرەوە، دەکرێت بە چوار بەشەوە، ئەم دابەشکردنەش یەکەم جار لەلایەن (ژێرار ژنێت)ـەوە ئاماژەی پێ کراوە و زۆربەی نووسەران و ڕەخنەگرانی دوای ئەویش هەمان دابەشکردنیان پەیڕەوکردووە، ئەگەرچی یەکێکی وەک (د. شجاع مسلم العاني) دووانیان بەسەرەکی دەزانێت و دەڵێت: ((ئەوەی ڕوونە کە ئەم جۆرانەی گێڕانەوە دوو جۆری سەرەکی لەخۆ دەگرن:

أ- گێڕانەوەی تاک

ب- گێڕانەوەی دووبارەکراوە

کەچی جۆرەکانی تر لاوەکین و دەکرێت لە چوارچێوەی ئەم دوو جۆرە دابنرێن)). (العاني، شجاع مسلم: ١٩٩٤، ص٦٤)، هەروەها (سعید یقطین) دەڵێت: (ژێرار ژنێت) جۆرەکانی دووپاتکردنەوەی کردووە بە سێ جۆرەوە کە (ئەمانەن): (یقطین، سعید: ١٩٩٧، ص٧٨)

أ- تاک (Singulatif)

ب- دووبارەکراوە (Repetitif)

ج- دووبارەکراوەی لێکچوو (Iteratif)

کەچی ڕاستییەکەی (ژێرار ژنێت) وەک لە کتێبی (گوتاری گێڕانەوە)دا ئاماژەی پێ دراوە، دووپاتکردنەوەی بەم جۆرەی خوارەوە بەسەر (چوار بەشدا) دابەش کردووە: (جنیت، جیرار: ١٩٩٧، ص١٣٠- ١٣١)

١- یەک جار گێڕانەوەی ئەوەی جارێک ڕووی داوە (تاک).

٢- گێڕانەوەی بێ سنووری ئەوەی بێ سنوور ڕووی داوە (تاکی یەکسان).

٣- گێڕانەوەی بێ سنووری ئەوەی یەک جار ڕووی داوە (گێڕانەوەی دووبارەکراوە).

٤- یەک جار گێڕانەوەی ئەوەی بێ سنوور ڕووی داوە (گێڕانەوەی لێکچوو)، یان (هاوچەشن).

هەر لەو کتێبەدا، ژنێت، گومان دەخاتە سەر ئەوەی کە ئەو ڕووداوە دووبارەکراوانە تەواو

لەیەک بچن، بۆ ئەمەش دەرکەوتنی هەتاو دەکاتە نموونە و دەڵێ مەرج نییە ئەو هەتاوەی ئەمڕۆ هەڵدێ لەهەمان هەتاو بچێت کە سبەی، یان هەر ڕۆژێکی دی دەردەکەوێت (سەرچاوەی پێشوو: ل١٢٩)، کەواتە دەبێ مەرجی جیاوازی، ببێتە مەرجێکی سەرەکی، بەڵام بەچەشنێک کە ئەو جیاوازییە لە لۆجێکی گشتی نەچێتە دەرەوە، بەڵکوو لە جیاوازی گۆشەنیگا و کارەکتەر و ناوەندی گێڕانەوە و شێوازی دەربڕین و جۆرەکانی کاتدا خۆی بنوێنێت، هەروەک دواتر لە ڕۆمانی (تۆڵە)ی (محەمەد موکری)دا دەردەکەوێت، کە ڕۆمانی سنووری باسەکەمانە، ئەمەش زیاتر لە ڕۆمانی نوێدا بەکارهاتووە، بەتایبەتی ڕۆمانی شەپۆلی هۆش، کە زیاتر دووپاتکردنەوەی تێدا بەکاردەهێنرێت.

**تەوەری سێیەم: جۆرەکانی دووپاتکردنەوە لە ڕۆمانی (تۆڵە)دا**

گێڕانەوەی ئەم ڕۆمانە لەسەر بناغەی گەڕانەوە بۆ ڕابوردوو دامەزراوە و لەهەمان کاتدا ڕابوردوو و ئێستا شان بە شانی یەکتر دەردەکەون بۆ بەستنەوەی هەردوو جەمسەری ئەو کاتەی لە تەونی دەقەکەدا هەیە.

ڕۆماننووس بە پشت بەستن بە تەکنیکی (شەپۆلی هۆش) ئەم ڕۆمانەی بەرهەم هێناوە و تەونێکی ئاڵۆزی پێ داوە، لەمەشدا پەنای بردووەتە بەر جێناوی (من) بۆ ئەوەی بتوانێت لە ڕووداو و کارەکتەرەکان نزیک ببێتەوە و لە ڕێی یادەوەری و بیرهێنانەوەوە بۆ ڕابوردوو بگەڕێتەوە، پاشان بۆ کاتی ئێستا، بۆ ئەوەی درێژە بە گێڕانەوەکە بدات و وردە... وردە ڕەوتی ڕووداوەکان بەرەو پێش ببات و خەسڵەتی ئێستایان پێ بدات.

ئەگەر زەمەنی ئێستا، زەمەنی گێڕانەوە بێت، ئەوە زەمەنی ڕابوردوو، دەبێتە زەمەنی ڕووداوەکان و ((جێناوی من، ئەو جێناوەیە کە کارەکتەرەکانی ڕۆمان لە ڕێی ئەوەوە بەسەرهاتەکان لەکاتی ئێستادا دەگێڕنەوە، ئەمەش وا دەکات خوێنەر وابزانێ ڕۆمانەکە شێوەیەکە لە شێوەکانی ژیاننامەی خودی، یان یادداشتنامەی دانپێدانراو)) (یوسف، امنة: ١٩٧٧، ص٣٨ و العید، یمنی: ١٩٩٠، ص٩٥).

لەبەر ڕۆشنایی ئەو بۆچوونەش خوێنەری ڕۆمانی (تۆڵە) هەست بەوە دەکات کە ئەم ڕۆمانە، جۆرێکە لە جۆرەکانی ژیاننامە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەمە گەمەیەکی گێڕانەوەیە و نووسەر لە ڕێی ئەم گەمەیەوە دەیەوێت خوێنەر بەرەو ئاقاری ئەو قەناعەتە ببات.

لەم ڕۆمانەدا، مچە، یان مستەفا، بووەتە کارەکتەری سەرەکی و ناوەندی گێڕانەوە، لە ڕێی زەینی ئەوەوە خوێنەر ئاشنای ڕووداوەکان دەبێت، ئەمەش یەکێکە لەو سێ ڕێیانەی ڕۆماننووس لە ڕێی ئەوەوە پرۆسەی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەی پێ پێشکەش دەکات و لە ڕێی چاوی ئەو کارەکتەرەوە ئەوانی دی دەبینین و لە ڕێی ویژدانی ئەوەوە لە ڕووداوەکاندا دەژین (جنداري، ابراهیم: ٢٠٠١، ص١٦٢)، ئەمەش مەترسی شێواندنی واقیعی لێ دەکرێت، چونکە لەوانەیە خوێنەر واتێبگات کە ڕووداوەکان لەلایەن ئەو کارەکتەرە سەرەکییەوە پێشکەش دەکرێن، کەچی ڕاستییەکەی دەبێت ئەوە بزانین کە کارەکتەر لە گێڕەوە جیاوازە، ئەوە تەنیا گێڕەوەیە ئەو ڕووداوانە بۆ ئێمەی خوێنەر پێشکەش دەکات. لەبەر ئەوە پێویستە ((خوێنەر درک بەوە بکات کە هەرگیز ناتوانێت

کارەکتەرەکانی دی و ڕووداوەکان بە شێوەیەکی بابەتی، یان ڕاستەقینە ببینێت، تەنیا بەو شێوەیە نەبێت کە گێڕەوە باسی دەکات و پێشکەشی ئێمەی دەکات)) (عبداللە، عدنان خالد: ١٩٨٦، ص٨٧)، لەبەر ئەوە نابێت بەم ڕۆمانە، یان هەر ڕۆمانێکی دیکە کە بەم شێوازە نووسرابێت، بڵێین ڕۆمانی ژیاننامەیە. لەوانەیە باشترین نموونەی بەکارهێنانی جێناوی (من) لە ڕۆمان و مەترسییەکانی شێوانی واقیع، خۆی لەسەرەتای ڕۆمانی (هەراوتووڕەیی)ی فۆکنەردا ببینێتەوە کە جیهان لە ڕێی زەینی مرۆڤێکی گێلەوە (بەنجی) پێشکەشکراوە (سەرچاوەی پێشوو: ل٨٧- ٨٨).

هەندێکی دیکەش لەوانەیە وابزانن لەم جۆرە ڕۆمانەدا، ڕۆماننووس بەخۆی گێڕەوەیە، بەڵام ئەمەش ڕاست نییە و (مارسیل پروست)ی ڕۆماننووس جێناوی (من)ی بەکارهێناوە، بەڵام سوورە لەسەر ئەوەی کە خۆی گێڕەوە نییە (بوتور، میشال: ١٩٨٢، ص١٦٣). بە گوێرەی ئەوەی باسکرا، ڕۆمانی تۆڵە ناچێتە خانەی ڕۆمانی ژیاننامەوە، بەڵکوو بە ڕۆمانی شەپۆلی هۆش دادەنرێت، وەک ڕۆمانەکانی (جیمس جۆیس) و (مارسیل پرۆست) و ڤێرجینیا وۆڵف، بە تایبەتی لە ڕۆمانی (ئۆلیس) و ڕۆمانی (گەڕان بەدوای ساتە بزربووەکان) و ڕۆمانی (خانمە دالووی)دا.

ڕۆمانی تۆڵە لە ڕووی زەمەنی مێژووییەوە زۆر کورتە و ماوەکەی دەکەوێتە نێوان سەعاتی دوازدەی شەو و پێنجی بەیانی. ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە لەلاپەڕە یەکەوە تا کۆتایی لە ڕێی شەپۆلی هۆشی کارەکتەری سەرەکی دەقەکەوە پێشکەش کراون. نووسەر دەمانباتە نێو زەینی ئەوەوە و لەوێوە بەرەو سەرەتامان دەگێڕێتەوە، پاشان دەمانهێنێتەوە بۆ ڕووداوی کۆتایی ڕۆمانەکە، بەمەش شێوەیەکی بازنەیی بە گێڕانەوەکە داوە.

ڕۆماننووس بۆ ئەوەی درێژە بەم ڕۆمانە بدات بۆ ڕووداوەکانی ڕابوردوو گەڕاوەتەوە. بەم شێوەیە کۆمەڵێک ڕووداوی گێڕاوەتەوە، وەک ڕووداوی هێرش و تاڵانکاریی حەرەس قەومییەکان، هەروەها ڕووداوی گەڕانەوەی شێخ ڕەش، واتە شێخ (سەلاحەددین)ی کوڕەزای شێخ (بەهائەددین) و ڕووداوی نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول، پاشان سەرەتاکانی دەستپێکردنی شۆڕشی نوێ و سەرهەڵدانەوەی خەباتی چەکداری لە کوردستانی عێراقدا.

سەرلەبەری ئەم ڕۆمانە لەسەر بناغەی دووپاتکردنەوە دامەزراوە و لە ڕێی ئەو ڕووداوانەوە کە دووبارە دەبنەوە، زەمەنی دەق و زەمەنی خوێندنەوە درێژ دەبنەوە، هەروەها خوێنەر تا نەگاتە کۆتایی ڕووداوەکان نازانێت تەواوی ڕووداوەکانی پێشتر کۆتاییان هاتووە و ڕۆماننووس زەینی کارەکتەری سەرەکی کردووەتە شانۆی ئەو ڕووداوانە، بۆ ئەوەی سەرلەنوێ هەموویان بە تەکنیکی شەپۆلی هۆش بگێڕێتەوە. تەکنیکی دووپاتکردنەوە لەم ڕۆمانەدا ڕۆڵێکی زۆر گرنگی لە بنیادی گێڕانەوە و سیستمی زەمەنی گێڕانەوەکەدا گێڕاوە و زمانی ڕۆمانەکەش ڕۆڵێکی هونەری گەورەی لە شێوازی دارشتنی ڕووداوەکاندا هەبووە.

بەگوێرەی خوێندنەوە و وردبوونەوەی ئێمە، بۆمان دەرکەوتووە کە ئەم ڕۆمانە چوار شێوە تەکنیکی دووپاتکردنەوەی تێدا بەکارهاتووە و لێرەدا بەگوێرەی دەرفەت، هەر جارەو باسی یەکێکیان دەکەین و بەگوێرەی ڕووداوە دووپاتکراوەکانیش نموونەیان دەخەینە بەرچاو. هەڵبەت گێڕەوە

تـەواوی جـۆری ڕووداوە دووپاتکراوەکانی ئـەم ڕۆمانـە وەک خۆیـان لـە زەینـی مچـەوە دەگوێزێتـەوە، واتـە بە تەکنیکی شـەپۆلی هۆش پێشکەش دەکرێنـەوە.

## أ- دووپاتکردنەوەی تاک

لـەم جـۆرەی دووپاتکردنـەوەدا، گێـڕەوە یـەک جار ئـەوە دەگێڕێتـەوە کـە یـەک جار ڕووی داوە. ئـەم دووپاتکردنەوەیە زیاتـر لـە ڕۆمانـی تەقلیدیدا بـاوی هەیـە و ئەرکـی دەلالـی دووپاتکردنـەوەی تـاک لەوەدایـە کـە ((ئـەو ڕووداوەی لـە یەکـەم جـارەوە دەلالەتـی تـەواو دەگەیەنـێ، پێویسـت بـەوە نـاکات دووبـارە بکرێتەوە)) (مبـروک، مـراد عبدالرحمـن: ١٩٩٨، ص١٢٥).

ئـەم تەکنیکـە لـە ڕۆمانـی تۆڵـەدا، کـە ڕۆمانێکی نوێیـە، کەمتـر لـە هەمـوو جۆرەکانـی تـری دووپاتکردنـەوە بەرچـاو دەکەوێـت و بەدەگمـەن لـە پەنجەکانی دەست تێپـەڕ دەکات، بـۆ نموونـە مچە لـە ناخی خۆیدا دەڵێت: ((لەبـەر ئـەوەی وسـووی فاتـە بێـوەژن هـەژارە، بۆیـە مـام نـادر ڕازی نابێـت کچەکـەی خـۆی بداتـێ، چونکـە مـام نـادر چاوچنـۆک و پارەپەرسـت دەبـێ، حاجـی محێدین بـە وسـوو دەڵـێ ببـە پێشـمەرگە، پاشـان مامـی خـۆت کارەکـەت بـۆ ئاسـان دەکات. وسـوو بـە قسـەی حاجـی محێدیـن دەکات و بەهـەر جۆرێـک بـێ خونچـەی بـۆ دەخوازێ)) (موکـری، محەمـەد: ٢٠٠٥، ل٢٩).

پـاش ئـەوەی (حاجـی محێدیـن)، مـام نـادر ناچـار دەکات خونچـەی کچـی بداتـە وسـووی فاتـە بێـوەژن، ئەوسا باسـی یاسـای ژنهێنـان لـە کوردسـتان دەکات و دەیـەوێ بـە گوێـرەی ئـەو یاسـایەی کـە دەسـتکردی خۆیەتـی قەناعـەت بـە مـام نـادر بـکات بـۆ ئـەوەی فاتـە بێوەژنـی دایکـی وسـوو بخـوازێ، ئـەم بەسـەرهاتەش بـەم جـۆرە لـە ناخـی مچـەدا دووبـارە بـاس کراوەتـەوە: ((پیـاوی چـاک بـە... تـۆش فاتـەی دایکـی وسـوو بخـوازە، ئـەوە چەنـد سـاڵە بـێ ژنـی... دەبـێ هـەرواش بکـەی، ئەمـە قانوونـی کوردسـتانە، دەبـێ هەمـوو کەسـێ حەقـی خـۆی وەرگـرێ، هـەر کچـێ بـە ئـارەزووی خـۆی نـەدرێ بەشـوو، هـەر باوکـێ بـە زۆر کچ بـە شـوو بدات، ئـەوە دژی قانوونـی کوردسـتانە، هەرکەسـێکیش دژی قانونـی کوردسـتان بـێ، ئـەوە لەهـەردوو دنیـادا جێـی جەهەنـەم و بئـس المصیـر- ە)) (سـەرچاوەی پێشـوو: ل٣٠).

ئـەو دوو ڕووداوە، واتـا ڕووداوی ژنهێنانی وسوو، هەوڵـی حاجـی محێدیـن بـۆ قایلکردنـی، یـان ناچارکردنی مـام نـادر بەپێـی یاسـای ژنهێنـان لـە کوردسـتان، کـە ئەویـش یاسـایەکی دەسـتکردی حاجییـە، لـەم ڕۆمانـەدا بـە دوو ڕووداوی تـاک دادەنرێـن و جارێکـی تـر دووبـارە نەبوونەتـەوە، هەروەهـا مچـە لـە ناخـی خۆیـدا باسـی ئـەوە دووبـارە دەکاتـەوە کـە چـۆن (حاجـی محێدیـن) ی باوکـی بـە نـاوی ڕاوکردنـەوە، ئـەم و دوو براکـەی بـۆ چیـا بـردووە بـۆ ئـەوەی مەشـقیان پـێ بـکات و فێـری تەقەکردنیـان بـکات. مچـە دەڵێـت: ((هەرکـە ئـەو کارە (پێویسـتانەمان) تەواوکـرد، ئەوجـا بەنـاوی ڕاو، هەرسـێکمانی بـەرەو چیـا بـرد لەوێدا فێـری دەکردیـن، چـۆن بـە کلاشـینکۆف تەقـە دەکـرێ و چۆنیـش دادەژنـرێ و پـاک دەکرێتەوە..)) (سـەرچاوەی پێشـوو: ل٤٠). ئـەم ڕووداوەش تەنیـا یـەک جـار لـە ئاسـتی حیکایەتـدا بـاس کـراوە و یـەک جاریـش لەلایـەن گێـڕەوەوە لـە ئاسـتی گێڕانـەوەدا بـاس کراوەتـەوە.

لەبـەر ئـەوەی کارەکتەرەکانـی ئـەم ڕۆمانـە لـە ململانێیەکـی سـەختدا دەژیـن و ڕۆژانـە لەلایـەن

سـپای ڕژێمـی بەعسـەوە هەڕەشـەی نەمانیـان لـێ دەکرێـت، بۆیـە حاجـی محێدیـن کوڕەکانـی سـوێند دەدات کـە هـەردەم دژی ئـەو دوژمنـە بـن و خیانـەت لـە میللـەت و خاکـی کوردسـتان نەکـەن. مچـە جارێکـی دی تـەواوی ئـەو قسانەی باوکـی، لـە ناخـی خۆیـدا دووبـارە دەکاتـەوە و دەڵێـت باوکـم گوتـی: ((جـا وەرن هەرسـێکتان سـوێندم بـۆ بخـۆن و بڵێـن: تـا ماویـن بەهیـچ جـۆرێ نـە بـەدەم و نـە بەکـردەوە لـە داگیرکـەر نزیک نابینـەوە و تاخـوا هێـزی پـێ داویـن لێیـان دەکوژین)) (سـەرچاوەی پێشـوو: ل٤٧). ئەوسـا مچـە دەڵـێ: ((هەرسـێکمان بەیـەک دەنـگ وتمـان:

- بەچی سوێند بخۆین؟
- بەخوا و بە کوردستان.

هەرسێکمان بەدەنگی بەرز وتمان:

- سوێند بـە خـوا و بـە کوردسـتان، تـا لەژیانـدا بیـن، ژیـان لـە داگیرکـەر بکەیـن بـە جەهەنـەم و بـە جەهەنەمیشـیان بسـپێرین)) (سـەرچاوەی پێشـوو: ل٤٧- ٤٨).

ئـەم ڕووداوەش تەنیـا یـەک جـار لـە ئاسـتی حیکایـەت و گێڕانـەوەدا دەرکەوتـووە و جارێکـی دی دووبـارە نەبووەتـەوە.

لـەم ڕۆمانـەدا، هەندێـک نموونـەی دیکـەی دووپاتکردنـەوەی تـاک بەرچـاو دەکـەون، بەتایبەتـی لەلاپـەڕە (١٠٦) کـە باسـی مردنـی لەناکاوی زڕ دایکەکـەی مچـە و ئـەوەی کـە باسـی ژیاننامـەی هەندێـک پێشـمەرگەی وەک هۆشـیار لەلاپـەڕە (١٢٠ - ١٢١) و سـیروان لەلاپـەڕە (١٢٦) و هەندێـک لاپـەڕەی دیکـەدا دەکات. سـەرچاوەی هەمـوو ئـەو بـاس و بەسـەرهاتانەش تەنیـا زەینـی کارەکتـەری سـەرەکی ڕۆمانەکەیـە کـە ئەویـش مسـتەفای کـوڕی حاجـی محێدینـە.

**ب/ دووپاتکردنەوەی تاکی یەکسان**

لـەم ڕۆمانـەدا، کۆمەڵێـک ڕووداومـان بەرچـاو دەکەوێـت. ئـەو ڕووداوانـە تاکـن، بـەڵام چەنـد جارێـک لـە ئاسـتی حیکایـەت و ئاستی گێڕانـەوەدا دووبـارە دەبنـەوە، لەبـەر ئـەوە پێیـان گوتـراوە دووپاتکردنـەوەی تـاک، واتـە بـە جۆرێـک لـە جۆرەکانـی گێڕانـەوەی تـاک دانـراون. ئـەم جـۆرە بریتییـە لـە ((گێڕانەوەی زیاتر لە جارێکی ئەوەی کـە پتـر لـە جارێـک ڕووی داوە. ڕاسـتییەکەی ئەمـەش شـێوەیەکی دیکـەی گێڕانـەوەی تاکـە، چونکـە دووبارەکردنـەوەی برگەکانـی دەق هـاو ژمـارەی دووبارەبوونـەوەی ڕووداوەکانـە لـە حیکایەتدا)) (المرزوقـي، سـمير و جميـل شـاكر: ١٩٨٦، ص٨٣).

ئـەم جـۆرە دووپاتکردنەوەیـە، دیاردەیەکـی بـاوە لـە ڕۆمانـی شـەپۆلی هـۆش و هەندێـک جـار لـە ڕێـی پاشـخەری و پێشـخەرییەوە ئەنجـام دراوە. گرنگـی ئـەم تەکنیکانـەش لـە دووپاتکردنـەوەدا بـۆ جەختکـردن و بیرهێنانـەوە و ڕوونکردنـەوە و باسـکردنی حاڵەتـی کارەکتـەرە لەنێـوان ڕابـوردوو، و ئێسـتادا، هەروەهـا دەبنـە ڕێگـر لەبـەردەم پێشـکەوتنی ڕووداوەکان، لـە هەمـان کاتـدا حاڵەتـی چاوەڕوانـی لای خوێنـەر دروسـت دەکـەن، بـە تایبەتـی لـە پێشـخەریدا بەهـۆی ئـەوەی کـە ((بـە شـێوەیەکی پێشـوەخت برگەیەکـی دووبـارە دەکاتەوە)) (سـەرچاوەی پێشـوو: ل٨٠).

لەڕۆمانـی تۆڵـەدا چەنـدان جـار لـە ڕێـی تەکنیکـی دووپاتکردنـەوەی تاکـی یەکسـانەوە ڕووداوێـک دووبارەکراوەتـەوە، ئـەو ڕووداوانـەش لـە زەمەنـی جیـاواز و بۆنـەی جیـاوازدا ڕوویـان داوە، بـۆ نموونـە حاجـی محێدیـن لـە دوو بۆنـەی جیـاوازدا گریـاوە، بـەڵام لـە هـەردوو دۆخـدا

یـەک کـرداری نوانـدووە، بەمـەش ڕووداوەکـە بـە شـێوەیەکی یەکسـان لـە ئاسـتی حیکایـەت و گێڕانـەوەدا دەرکەوتـووە. مچـە لـە ناخـی خۆیـدا بـەم جـۆرە باسـی گریانـی یەکەمـی باوکـی دەکات و دەڵێـت: ((فرمێسـکەکانی باوکـم بوونەتـە بەنزیـن لـە ناخـی منـدا گڕیـان تێبـەر بـوو، کاتـێ کـە باوەشـی بـە کادر و پێشـمەرگەکان(دا) کـرد و خواحافیـزی لیکـردن، هـۆن هـۆن فرمیسـک بـە گۆنایـا دەهاتـە خـوارێ، تـا ئەوسـاش نەمزانیبـوو باوکـم هەنـدە دەنـگ خۆشـە. بەسـۆزێکی دەروێشـانە، هەندێـک جاریـش جـۆرە هەنسـکێکی دڵتەزێـن تێکـەڵ بـە لاواننـەوە و باوکەڕۆکـەی دەبـوو، بـەردی دەکـرد بەئـاو، تـا پێشـمەرگەکان لەچـاو ون بـوون، هـەر دەیچریکاند...)) (موکـری، محەمـەد: ٢٠٠٥، ل٣٥).

ئـەم گریانـەی حاجـی محێدیـن لەژێـر کاریگـەری هەواڵـی نسـکۆی شۆڕشـی ئەیلوولـدا بـووە، ئـەو کاتـە بەخـۆی بەرپرسـی گونـد بـووە، بـە خەیاڵیـدا نەهاتـووە ئـەو شـۆڕش و ئـەو هێـزە مەزنـە نسـکۆ بهێنێـت.

گریانـی دووەمـی حاجـی بـۆ ئـەو کاتـە دەگەڕێتـەوە کـە خـۆی و خێزانەکـەی بـە تەنیـا، پـاش نسـکۆی ئەیلـول، دەچنـە چیا و لـە ژیانێکی زۆر سـەخت و ناخۆشـدا دەژیـان و پێشـبینی ئـەوەی دەکـرد سـپای دوژمـن بداتـە سـەریاندا و گوندەکەیـان بسـووتینێت و تاڵانیـان بـکات، تەنانـەت دەسـتدرێژی بـۆ سـەر ناموسـیان بـکات. ئـەو کاتـە مچەشـی بردبـووە لای خـۆی و مچـە لـە ناخـی خۆیـدا باسـی ئـەو گریانـەی باوکـی دووبـارە دەکاتـەوە و دەڵێـت لەترسـی باوکمـدا تەنیـا بـە بەڵـێ وەڵامـی پرسـیارەکانیم دەدایـەوە، بـەڵام جـارێ کـە ویسـتم پرسـیاری لـێ بکـەم نەیهێشـت پرسـیارەکە تـەواو بکـەم ((باوەشـی پیاکـردم، هـۆن هـۆن فرمێسـک بەچاوانیـا دەهاتـە خـوارێ. مـن لـەو زیاتـر گریـام نەمزانـی چ بـوو وایکـرد کـە ئەحمـەد و مەحمـوود و باوەژنیشـم دایانـە پڕمـەی گریـان... دیاربـوو هەریەکـە و ژیانـی خـۆی دەلاواندەوە...)) (سـەرچاوەی پێشـوو: ل٤٥).

ئەگـەر تەماشـای ئـەو ڕووداوە بکەیـن دەبینیـن لـەدوو مـاوە و دوو بۆنـەی جیاوازدا ڕوویـان داوە و هەردووکیشـیان بـە تەکنیکـی پاشـخەری لەلایـەن مچـە، یـان مسـتەفاوە بـاس کـراون. یەکـەم گریـان بـۆ نسـکۆی شۆڕشـی ئەیلـوول بـووە و تەنیـا حاجـی محێدیـن گریـاوە و لەگـەڵ گریانەکەشـدا بەوپـەڕی سـۆز و دڵ گەرمییـەوە بـە دەنگێکـی بـەرز لەبارچوونـی ئـەو شۆڕشـەی لاواندووەتـەوە، کەچـی گریانـی دووەم بێجگـە لـە حاجـی محێدیـن، کوڕەکانـی و ژنەکەشـی تێـدا بەشـداربوونە و بـۆ حاڵـی خۆیـان گریـاون.

لەبـەر ئـەوەی ئـەم گێڕانەوەیـە (دووپاتکردنەوەیـە) لـە ڕێـی پاشـخەرییەوە ئەنجام دراوە، واتە بە پرۆسـەی بیرهێنانـەوە پێشـکەش کـراوە و زەینـی کارەکتـەر، واتـە مچـە بـووە بـە ئامـرازی بیرهێنانەوەکـە، هەمـوو بیرهێنانەوەکەیـش گەڕانەوەیـە بـۆ ڕابـوردوو، بۆیـە هـەروەک (ژنێـت) دەڵێـت: ((ئـەم گەڕانەوەیـە دەبێتـە بەشـیک لـە بەشـەکانی گێڕانـەوەی ناوەکـی و لەمەیانـدا لەنێـوان ماوەیـەک بـۆ ماوەیەکـی دیکـە گێڕانەوەکـە دەگەڕێتـەوە بـۆ بەسـەرهاتەکانی ڕابـوردوو لـە ڕێـی بیرهێنانەوەوە)) (یقطیـن، سـعید: ١٩٩٧، ص٧٨).